سەرۆك کۆماری ئێران:هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە سوریا بێوەڵام نابێت

ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆك کۆماری ئێران رایگەیاند، هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە سوریا بێوەڵام نابێت و بە توندی ئەو هێرشە شەرمەزار دەکەن.

ئیبراهیم ڕەئیسی ئەمڕۆ سێشەممە لە بەیاننامەیەکدا لەبارەی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر کونسوڵخانەی ئێران لە سوریا رایگەیاند، "هێرشە تیرۆریستییەکە پێشێلکارییەکی ڕونی یاسا و ڕسا نێودەوڵەتییەکانە، ڕژێمی زایۆنی دەبێت بزانێت هەرگیز بێو کردەوە نامرۆڤانەیە ناگاتە ئامانجەکانی".

ئاماژەی بەوەشکردوە، ئیسرائیل، دەبێت بزانێت "بەرەی مقاومە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبێت و بەزاری و ڕق و کینەی گەلانی ئازاد بەرامبەر بە سروشتی نادەوای ئیسرائیل ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت".

ڕەئیسی باسی لەوەشکردوە، "ئێو فەرماندانەی سوپای پاسداران کراونەتە ئامانج، جەنگاوەرانی سەردەمی بەرگری پیرۆز بون و ئێستاش بە ئەرکی پاسوانی لە شوێنە بەرز و پیرۆزکانی ئیسلام و مرۆڤایەتی لە سوریا بون".

ئەوەشی خستوەتەوە، "ژەمی ق لە دەی ئیسرائیل بە خەزگارکردنی لە شکست و هەوە بە ئەنجامەکانی لە بەرانبەر بەواداران و مەرامی موجاهیدانی بەرەی موقاومە، کوەرانە کەوتوەتە تیرەرکردن و بەیاربدان، بەەام پەویستە بزانەت ئەو کارە نامرەییەی هەرگیز بە ئامانج ناگات و ەژ دوای ەژ شایەتی بینی بەهەزبونی بەرەی موقاومە و نەفرەت و توەیی نەتەوە ئازادیخوازەکان دەبەت بەرانبەر بە پەژە نا شەرعییەکانی".